
# Karl Marx



# کارڵ مارکس

**May 5- 1818__________ March 14-1883**

By –

Mahdy Kamil Nya

## بۆ یادی مەرگی مـارکس

مارکس ئەو ناوەی زۆرکەس تەنها بەبیستنی تەواوی دژایەتی یان تەواوی لایەنگری خۆی بۆ دەردەبڕێت . بەبێ بوونی زانیاریەکی دروست وتەواو ، یان ئە نجامدانی توێژینەوەیەك لەبارەی مارکس وفکری ئەوەوە . ئەوەی لەخەتێکی سیاسیدا یان لە ڕەوتێکی دیاریکراودا ، لەڕوانگەیەکی ئایدۆلۆژیەوە فێری بوە و وەری گرتوە . بەسە بۆ دژایەتی یان لایەنگری لە مارکس و مارکسیزم .

بەبیستنی ناوی مارکس ڕستێك ناو و قوتابخانەی تر ڕیز دەبن ، کەڕەنگە بە جۆرێك لە جۆرەکان ناکۆك و ناتەبابێت لەگەڵ خواست و بۆچونی مارکسیشدا ،بەڵام مارکس وەك کەسی یەکەم بەرپرسیار دەکرێت لەبەرامبەریاندا . وەك سۆشیالیزم ( پاش مارکس ) ،کۆمۆنیزم ( پاش مارکس ) ،لینینیزم ، ماویزم ، تیتۆیزم ، پۆڵپۆت ، ستالینیزم ، ترۆتسکیزم ،ساوشیسکۆی ، تۆتالیتاریزمی دەوڵەتی ، کێڵگەکانی کار ، خەمیر ڕۆژەکان ، سەرمایەی دەوڵەتی ، دولەت کردنی جیهان بۆ دوقوتبی دژ، ڕەوتی کوبیزم وکاسترۆی .....هتد

زۆرێك لەم ناوانە و چەندانی تریش ،ناوی ڕابەری بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی وکرێکاری سیاسی ناسراوە ، وەببوە بەقوتابخانەیەك یان ڕێبازێکی سیاسی دیاری کراو . کەلە ڕاستیدا هەریەکێکیان بە پێی هەلو مەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی ، بۆخۆیان بەشێکیان لەفکری مارکس ئیستیعارە کردوە ، نەك لەهەوڵی بەعەمەلی کردنەوەی فکری مارکسدا بوبن ، یان ئیزافاتی عیلمی و ٍعەمەلی یان کردبێت بۆ فکری مارکس ، بەڵکە بەشێکیان لە جەستەی فکری مارکس بڕیوە . بەڕادەیەك ئەم خوازەیە لە فکری مارکس گەشەی سەندوە ، کەزۆربەی بزاوتە قەومی و تائیفی و کلتوری و تاڕادەیەك دینیە معتەدلەکانیش ، بەرتەئسیری ئەم خوازەیە کەوتون . ئەمەش بەتەئسیری فراوانی فکری مارکس و مارکسیزم لەدنیادا ، کەوتنە پەردە پۆش کردنی فکرەکانی خۆیان بە ڕوپۆشی مارکسیزم . ئەمەش بۆ خۆی گرزێکی کاریگەری وەشاند لە مارس و فکری مارکس .

بەڵامواقیعەن مارکس ئەوەی دەویست یان ئەوەی هەبوو بۆ بەشەریەت ئەمەیە خواستی مارمس لەسەر ئازادی یەکسانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی وخۆشگوزەرانی ئینسانەکان ، یان باوەڕی قوڵی ئەو بەخودی ئینسان و تواناکانی بووە ، دوور لەهەر ئایدۆلۆژیاو باوەڕێکی غەیرە ئینسانی . بەبڕوای من مارکس و ڕێبازی مارکس بەر لەهەرشتێك بە ئایدۆلۆژیا کراوە ، ئەمەش بە داخەوە لەلایەن ئو کەسانەوە کەخۆیان بەلایەنگری دەزانن ، نەك دوژمنەکانیەوە کراوە ، خودی مارکس دوژمنی سەرسەختی ئایدۆلۆژیابووە . ئەم فکرە لەلایەن جەرەیانات و ڕەوتی جۆراو جۆرەوە بەکارهێنراوە بۆ سازدانی جەماوەری ،وە خۆشاردنەوە لە ژێر باڵی ئەم فکرەدا ، تاسەرەنجام لەهەموو پرۆژە ئینسانیەکانی دایان ماڵی ، بو

بەجۆرێك لە دۆگم و ئایدۆلۆژیاو یۆتۆپیا ، لای هەندێك دەگۆڕێت بۆ بەشێك لەمەزهەب و دین ، لای هەندێکی تر دەبێتە خەتەرناکترین بۆمب ئەگەر ڕێگا لە تەقینەوەی نەگرین کۆتای دنیایە .

لێرەدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کەئێمە پێویستە مارکس وەك فەیلەسوف و خاوەنی کۆمەڵێك تیورەو تێزەی فکری و فەلسەفی ، لەگەڵ مارکسیزم وەك ڕەوت و ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانەی سیاسی ، کەپاش مەرگی مارکس دەست پێدەکات . لەلایەن زۆرێك جەرەیانات و ڕەوتی جۆراوجۆرەوە بەکار براوە ، ئیستیغلالکراوە ، وەکارەکانی ئەوکسانەی پاش مارکس خۆیان بە وارس و درێژە پێدەر و بەعەمەلی کردنەوەی فکری مارکس دەزانن ، واتە بە مارکسیست دەزانن ، جیاوازی بکەین ..

مارکس بەرپرسیارە لەسەرجەم نوسین و تیورە وتێزەکانی ، و لە سەرجەم پێشنیارەکانی بۆ کۆمەڵگای بەشەری ، وەبۆمان هەیە لەبەردەم هەرچرکەساتێکی مێژوویدا بەگوێرەی تێگەیشتن و گەشەی فکری و فەلسەفی نوێ دووبارە سەرلەنوێ بیخوێنینەوە ، وەبیخەینە بەردەم ڕەخنەو هەڵسەنگاندنەوە . بەلام مەرج نیە مارکس هاوڕابێت لەگەڵ سەرجەم ئەوانەی کە خۆیان بە مارکسیست دەزانن ، هەروەك بەرپرسیاریش نیە لەسەرجەم کردەوەکانیان ، چونکە زۆرێك لەوانە غەدری گەورەیشیان لە مارکس و فکری ئەو کردووە ، بەڕادەیەك شێواندویانە .

هەروەك ئەوەی نازیزم و فاشیزم بەرامبەر بە نیچە وفکری ئەو کردیان لەکۆتای نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە ئەوروپا . بەڵام ئایە ئێمە دەتوانین بڵێین خودی نیچە نازی بووە ؟ یان بڕوای پێی هەبوە ؟ یان بانگەوازی بۆ کردوە ؟ یاخود بەرپرسیارە لە کارەکانی نازیزم و فاشیزم ؟. بەڵام ئەوان نیچە یان کردبوە خوای خۆیان وە سەرچاوەی سەرجەم ئیلهام و کردەوەکانیان ؟. بەڕەغمی هەموو خیلافێکی نیچە لەگەڵ ئەواندا . بەهەمان شێوە فکری مارکسیش تحویل بو بۆ جۆرێك لە ئایدۆلۆژیا و خەیالات و دۆگم ، لەکاتێکدا مارکس ناکۆکی ڕیشەی هەیە لەگەڵ ئەمانەدا وە بەتەواوی ڕەتی کردونەتەوە ، وەهەوڵ و خەباتی ئەو بۆ ڕزگاری خەڵك بوو لەچنگی ئەمانە ،

بەهەرحاڵ تێزەکانی مارکس لەگەڵ گەشەی زیاتری کۆمەڵگادا بەڕاستی نامێنێتەوە ، بەڵام ئێمە پێویستمان بە مارکس چیە ؟ لەگەڵ بوونی هەڵەش لەتێزەکانیدا ، ئایە ئێمە بەمەرجی ڕاست و دروستی تەواوەتی بیرو بۆ چونێك لێی ورد دەبینەوە ؟ ئاخۆ نابێت ئێمە ئەوەمان قبوڵ بێت کە دەشێت هەڵەبکەین ؟ هەندێك لەبیرمەندە بەناوبانگەکان چ لە تێزە فەلسەفی و زانستیەکانیاندا ، یان لەبیرو باوەڕە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکانیاندا ، یان لەزەمینە و میتۆدەکانیاندا ، تەنانەت لە بواری کردەیشدا ، بە هەڵەدا چوون ، پاشان ژمارەیەکیان بە تەواوەتی لێك هەڵوەشاونەتەوە ، وەنادروست دەرچوون لەگەڵ گەشەی زیاتری کۆمەڵگاو فکری بەشەریدا . بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئیدی ئێمە پێویستمان بەوەنیە لەکارەکانیان تێفکرین ، تەفسیری بکەین ، هەر بۆ یە ناتوانین ئەوانە لەئاسۆی مەعریفی و فکری و لێکۆڵینەوەی خۆمان دوور بخەینەوە ، پێویستمان پێیانە . لەهەندێك ڕوی تایبەتیشەوە قەرزاریشیان دەبین ، لەوەی ئەو هەموو ئەرکو گرفتەیان بۆ بەشەریەت ڕۆشن کردۆتەوە ، بەحق خزمەتی بەشەریان کردوە . لە پێناویاندا شەونخونیان کردوە . دەزانین کە ئەوشتەی لەکاری فیکری و ئاسۆی مەعریفی ئەواندا هەیە وە ڕاست دێتە بەرچاو ، یاریدەمان دەدات ، هەمیشە یان

هەندێك جار خاڵی نەبوە لەهەڵەی تیۆری و فکری ئاکاری . بۆیە پەنایان بۆ دەبەینەوە . هەر لەبەر ئەمە مارکسیش لای ئێمە زیندوە ، لەگەڵیدا گفتو گۆ دەکەین ، سود لەکارەکانی وەردەگرین ، لەهەمان کتدا بۆ تاوێکیش چی یە دەمی تیژی نەشتەری ڕەخنەی لێ دوورناخەینەوە . هەتا نیزامی بێڕەحمی سەرمایە داری سائید بێت ، فکری مارکسیش بەشی ئەوەی وزە پێیە بەردەوام بێت ،

چونکە کاری سەرەکی ئەو ڕزگارکردنی ئینسانە لەچنگی ئەم نیزامە . بەبڕوای مارکس ئەم نیزامە هەرخۆی گۆڕهەڵکەنی خۆیەتی ، بەڵام شتێکە پەیوەندی بە قودرەتی ئینسانەکانەوە هەیە ، کەی بەرەو گۆڕستان تەرمەکەی ڕەوانە دەکەن . ئەوەی مارکس لەئێمەی دەوێت تەنها ئیرادەیەکە توانا و وزەی بەرداوامیمان بداتێ بۆلەگۆڕنانی ئەم نیزامە ، وەئاشت بونەوەمان لەگەڵ ئەوژیانەی پێی نامۆبوین ، لەئامێزگرتنەوەی دوبارەی ژیانە ، لە پرۆژەی مارکسدا مرۆڤ سەنتەرە ، هەرئەمەشە وایلێکردوە براێەکی قوڵی بەئینسان هەبێت . پێمان دەڵێت باش یان خراپ هەڵسوڕانی ئێوە دنیای ئێوە دیاری دەکات . بۆیە هەرخۆمان بەرپرسیاردەکات ، لەوەی قبوڵمان کردوە .......

Nya-78@hotmail.com

